## مونا سەرداری:

# خاڵی هاوبەشی زۆر لە نێوان هونەری کوردی و فارسی هەیە

**• بۆچی لە کوردستان دەستت بە کاری هونەری کرد؟**

- هۆکارەکان زۆرن لەوانە فەرهەنگ و مۆسیقای ئێمە و ئێوە لە یەکترییەوە نزیکن و خاڵی هاوبەشیان زۆرە، هەروەها خەڵکی کوردستان ئاشنایەتییەکی باشیان هەیە لەگەڵ مۆسیقای فارسی و کەلتووری ئێران بە گشتی و ڕێز لەو هونەرە دەگرن، من کە هاتمە کوردستان لەو بڕوایەدا نەبووم کە خەڵك بەو شێوەیە ڕێز لە هونەر دەگرێت و خۆشەویستییان بۆ هونەر بەو ئاستە بەرزەیە ئەمەش مایەی خۆشحاڵییە.

**• تۆ وەك کچە فارسێك پێوەندیت لەگەڵ هونەرمەندانی کوردی ئێران و هەرێمی کوردستان چۆنە؟**

- لەبەر ئەوەی فەرهەنگ و مۆسیقامان زۆر لە یەکترییەوە نزیکە جۆرە پێوەندییەك هەیە و تەنانەت من دەتوانم بڵێم جیاوازییان نییە و هەردووکیان لە بنەڕەتدا یەك هونەرن، تەنیا لە زمانمان کەمێك جیاوازی هەیە ئەمەش وایکردووە کە پێوەندی ئێمە بە هونەری کوردییەوە زۆر باش بێت و بە پێچەوانەشەوە، سەبارەت بە خۆم پێوەندی ڕاستەوخۆم نییە لەگەڵ هونەرمەندان لە نزیکەوە، بەڵام لە دوورەوە ئاشنایەتیم بە زۆر هونەرمەندی کورد هەیە.

*** لە ئێران هونەرمەندی زۆر بە توانا هەن کە لە ئاستی جیهاندا ناسراون، کام لەو هونەرمەندە فارس و کوردەکانیش کاریگەرییان بەسەر تۆوە هەبووە بۆ ئەوەی ڕوو لە بواری گۆرانی بکەی؟**

- من هەر لە تەمەنێکی بچووکەوە دەستم بە کاری هونەری و گۆرانی وتن کردووە بۆیە ناتوانم بڵێم هونەرمەندە کوردەکان کاریگەرییان بەسەر منەوە هەیە، بەڵام ئەو کاتەی کە دەستم بە گۆرانی کرد ئاشنای دەنگی هونەرمەندە گەورەکان بووم وەکو مەرزییە، هایدە دلگەش و حومەیرا و ئێستاش گوێ لە دەنگی ئەمانە دەگرم.



*** ئەی لە خانەوادەکەت کێ زیاتر هانیدای بۆ ئەوەی بەردەوام بی لە گۆرانی وتن؟**

- خانەوادەکەم هونەرمەند و هونەردوست بوون، خوشکم هونەرمەند بوو، هەروەها خانەوادەی دایکیشم هونەرمەند بوون باپیرم شاعیر بوو، دایکم و خوشکم هاندەرێکی بەهێزم بوون بۆ ئەوەی گۆرانی بڵێم، ئەوان هەمیشە هانیان دەدام پەرە بە توانا هونەرییەکانی خۆم بدەم و درێژە بە گۆرانی وتن بدەم.

*** لەو ماوەیەی کە لە کوردستان بووە تا ئێستا هەوڵی نەداوە گۆرانی بە زمانی کوردی بڵێی چ گۆرانییەك فۆلکلۆری کوردی دووبارە بڵێیتەوە، یان گۆرانییەکی نوێ بڵێیت؟**

- لە بەرنامەمدایە بە زمانی کوردی گۆرانی بڵێم، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت تا ئێستا سەد دەر سەد نەمتوانیوە بە کوردی قسە بکەم ئەمەش سەختە بۆ ئەوەی گۆرانی بڵێم و تا ئێستا دوودڵم لە هەڵبژاردنی تێکست و مۆسیقایەکی گونجاو، بەڵام دوو هونەرمەندی کورد پێوەندییان پێوە کردووم بۆ ئەوەی بتوانم لە داهاتوودا بە زمانی کوردی گۆرانی بڵێم و ئەو گۆرانییە کە پێشکەشی دەکەم نوێیە واتە دووبارە کردنەوە گۆرانی کۆن نییە.

*** بۆچی تا ئێستا هەوڵت نەداوە فێرە زمانی کوردی بی؟**

- زۆر حەز دەکەم بە تەواوی فێر بووم ئێستا کەمێك ئاشنایەتیم پەیدا کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی لەگەڵم کار دەکەن زیاتر بە فارسی قسە دەکەین ئەمە بۆ من تا ڕاددەیەك زەحمەت بووە کە بە تەواوی فێرە کوردی بم.

*** بە نیازی لە کوردستان بگیرسێیتەوە؟**

- دوارۆژ بڕیار لەمە دەدات، ئەگەر بزانم پێشدەکەوم بەتایبەتی لە ڕووی هونەرییەوە ئەوا بێگومان لێرە دەبم، بەڵام ئەگەر زانیم زۆر سەرکەوتوو نابم ناچارم لێرەش کۆچ بکەم، چونکە هاتنی من بۆ کوردستانیش بۆ پێشکەوتنی ئاستی هونەری خۆم بووە.

*** بەشێك لەو کچانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانییەکان ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە کاری ئەکتەریش ئەنجام دەدەن، تۆش بیرت لەوە نەکردۆتەوە؟**

- من لە تەمەنی سێزدەساڵیدا لە ڕادیۆ کارم کردووە، دواتر کاری دۆبلێری فیلمم ئەنجامداوە، لە پاڵ ئەمەشدا بەردەوام بووم لە گۆرانی وتن، بەڵام تا ئێستا لە کاری سینەمایی بەشداریم نەکردووە نە لێرە نە لە ئێران.

*** ئەی لە داهاتوودا بە نیاز نی بەشداری لە هیچ کارێکی سینەماییدا بکەی؟**



**ماوەی دوو ساڵە لە ئێرانەوە رووی لە کوردستان کردووە بۆ ئەنجامدانی کاری هونەری، پێشتر لە هونەر بۆ ماوەی دوو ساڵ لە تاران لە بواری گۆرانی و مۆسیقا خوێندوویەتی و ئێستاش لە کوردستان بەردەوامە لە کاری هونەری و خۆی ئامادە دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی نوێ و دوو گۆرانی بە زمانی کوردی، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی خاتوو مونا سەرداری کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

- من پێموایە هونەر هەمووی بەیەکەوە بەستراوە، کاری دۆبلێر جۆرێکە لە ئەکتەری و لەسەر ئاستی سینەمای جیهانی گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت.

*** تا ئێستا کەس لە درهێنەرە کوردەکان یان ئێرانییەکان و کوردەکان داوایەیان لێنەکردووی بەشداری لە فیلمێك یان درامایەکدا بکە؟**

- بەڵێ چەند ساڵێك پێش ئێستا لە ئێران ئەو داوایەیان لێکردووم بۆ بەشداری کردن لە کارێکی نواندن، بەڵام من بەو کارە رازی نەبووم، چونکە پێموابوو لە ئاستێکی بەرزدا نەبوو بۆ ئەوەی بەشداری تێدا بکەم بۆیە رەتم کردەوە.

*** ئەگەر دووبارە ئەو داوایەت لێ بکرێتەوە چ مەرجێکت هەیە بۆ بەشداری کردن لە کاری نواندن؟**

-یەکەم مەرجم ئەوەیە کە کارەکە لە رووی هونەرییە لە ئاستێکی بەرزدا بێت، جگە لەوە دەبێ من بتوانم ئەو رۆڵە بە تەواوی ببینم و تێیدا سەرکەوتوو بم بەتایبەتی ئەگەر ئەو کارە گۆرانیشی تێدابێت کە کاری سەرەکیی منە ئەوا بێ دوودڵی ئەنجامی دەدەم بەو مەرجانەی باسم کرد، چونکە نامەوێ بەشداری لە کارێکدا بکەم دواتر پەشیمان ببمەوە.

*** لە ئێران کلیپی تۆمار کردووە؟**

- من لە ئێران کاری هونەریم هەبووە، بەڵام لەوێ ئافرەت بە تەنیا ناتوانێت گۆرانی بڵێ دەبێ یان لەگەڵ پیاوێك یان لەگەڵ گرووپی مۆسیقی گۆرانی بڵێت.

*** ئەو گروپانە چ رۆڵێکیان هەبووە لە پێشخستنی هونەر؟**

- کار کردنی گروپەکانیش ئاسان نییە بەتایبەتی لەرووی داراییەوە، چونکە هەر گرووپێك لە نزیکەی دە کەس پێکهاتووە ئەنجامدانی مەشقی رۆژانە و تەرخان کردنی کاتی خۆیان بۆ کاری گرووپ زەحمەتە و خەرجی زۆرە، لە بەرامبەردا ئەو خەرجیانە بە کۆنسێرت پڕ ناکرێتەوە و کەسێك نییە کە سپۆنسەری کاری هونەرمەندان بکات.

*** لە ئێران کەسێك دەتوانێت بە هونەر بژێوی ژیانی پەیدا بکات؟**

- زۆر زەحمەتە بتوانێت، چونکە کۆنسێرت و کاری هونەری کەمە.




# کارینا کاپوور: ڕێکخستنی ژیان بۆ هونەرمەند ئاسان نییە

ئەستێرەی سینەمایی هیندی کارینا کاپور رایگەیاند ڕێخستنی کاتی کارکردن و ژیانی تایبەتی بۆ هونەرمەند زەحمەتە و زۆر جار پێویستی بە قوربانیدانێکی زۆر هەیە کە زۆر ئەستەمە جارێکی تر لە ژیاندا دووبارە ببێتەوە، بەڵام هونەرمەند ناچارە دەستیان لێ هەڵگرێت.

کارینا زیاتر هەر سەبارەت بەم بابەتە دەڵێ: ناسراوی و بوون بە ئەستێرە باجێکی زۆری دەوێ باجەکەش ئەوەندە قورسە ڕەنگە زیات زۆر شت لە دەست بدەی کە جاریکی دیکە دووبارە نابنەوە، بۆ نموونە ئەکتەرێک ناتوانێت وەک هەر کەسێکە دیکە لە زانکۆ بخوێنێت ئەگەر بشخوێنێت زۆر زەحمەت دەبێت بۆی، هەروەها زۆر جار ئەکتەرە ئافرەتەکان لە دایکایەتی بێبەش دەبن بە هۆی سەرقاڵ بوونیان بە کاری هونەرییەوە.

کارینا سەبارەت بە گرفتی ڕۆژانەی ئەکتەرانیش دەڵێ: سەرەڕای ئەمانە ئەکتەران ڕۆژانە ڕووبەڕووی گرفت دەبنەوە، بەردەوام گوێبیستی هەواڵی جیابوونەوەی هونەرمەندان و چەندین پڕوپاگەندەی جیاجیا دەبینەوە کە دەبنە بابەتی گەرمی میدیاکان، هەروەها ناتوانی وەک هەر کەسێکی دیکە تەنانەت بە ئازادی لە بازاڕیش هاتوچۆ بکەی، بۆیە ژیانی هونەرمەندان بەو شێوەیە ئاسان و خۆش نییە کە هەندێک کەس بیری لێدەکەنەوە.



# خالید رەشید:
## شێوەکار وەک گۆرانیبێژ خەرجی زۆر نییە

خۆشەویستی و عەشقی خالید رەشید بۆ هونەر خۆشەوستییەکی تایبەتە، لە دەرەوەی ماڵەکەی پەیکەرێکی گەورەی ئەسپ دانراوە، لە ژووره تایبەتەکەیدا جەنجاڵییەکی بێ وێنە هەیە، جەنجاڵییەك کە پەست و بێزار نابی لێی، لەلایەك فڵچە و رەنگ و تابلۆ و ئامێرە مۆسیقییە کۆن و نوێیەکان ئاوێتەی یەکتر بوون.
خالید رەشیدی هونەرمەند دەربارەی هونەری شێوەکاری دەڵێ: هونەری شێوەکاری شتێکی ئاسانە نییە وەک هەندێک باسی دەکەن کە بەداخەوە بە هەڵە لە مەسەلەکە تێگەیشتوون، هونەری شێوەکار ئەگەر باس لە رۆحیەت و ماهیەتی دەکات، جیهانێکی تایبەتە خوا دەیبەخشێت بە مرۆڤ، هونەرمەندی شێوەکار وەك گۆرانیبێژ نییە، چونکە هونەرمەندی گۆرانیبێژ پێویستی بە سەرفی مادی زۆر زۆر زیاتر هەیە لە هونەری شێوەکاری، گۆرانیبێژ لە جلوبەرگەوە هەتا کامێراو مۆسیقاو شاعیرو ئاوازدانەر و دەرهێنەر و.. تاد ئەمانە هەموویان دەبێ پارە و حیسابی کراوەیان بۆ تەرخان بکرێ بۆ ئەوەی بەرهەمێکی جوان و بە دڵی بینەر و بیسەر بەرهەم بهێنرێ، لەبەرئەوە من هەقی زیاتر دەدەم بە گۆرانیبێژ تا هونەرمەندی شێوەکار، لە کاتێکدا هونەرمەندی شێوەکار دەتوانێ بە برێکی زۆر کەمتری مادی پێشانگا بکاتەوە.
سەبارەت بە تێگەیشتنی تاکی کورد لە هونەری شێوەکاری دەڵێ: بوون و نەبوون هەوادارانی شێوەکاری لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی رۆشنبیری کۆمەڵگا کە بەداخەوە لە کوردستان وەکو پێویست نییە، کەسێك دەچێ لەسەر مێزی مەیخانە یەك یان چێشتخانەیەك برێکی زۆر پارە دەدا بە خواردن و خواردنەوە کە تەنها چێژی تێر خواردنێکی پێ دەبەخشێت، بەڵام زەوقی ئەوەی نییە کە تابلۆیەك لە شێوەکارێك بکرێ تەنانەت نازانێ تابلۆ یانی چی.




# دۆتمیر:
## خەون بە ئازادی هەر چوار پارچەی کوردستانەوە دەبینی

دۆتمیر نازێ لە شاری ورمێی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە، لەبەر ئەوەی باوکی پێشمەرگە بوو، ئەو ماڵباتە ناچار بوون روو لە هەندەران بکەن و لە سوید بگیرسێنەوە و ١٥ساڵە لەوێ نیشتەجێن. ئێستا لە قۆناغە سەرەتاییەکانی گۆرانی وتنە و بە هۆی دەنگخۆشییەوە چاوەڕێ دەکرێ پێگەیەکی باشی لە گۆڕەپانی هونەری کوردیدا هەبێت.
دەربارەی هاتنی بۆ نێو بواری گۆرانی و خەونەکانی دەڵێ: من نەهاتوومەتە نێو بواری هونەر بۆ خۆنمایش کردن، یەکێك لە ئاواتەکانم ئەوەیە کچانی ئێمە بێنە نێو بواری هونەری بەشێوەیەکی رێکوپێك کە بتوانن لە رێگای هونەرەوە خزمەت بە میللەتی خۆمان بکەن، لە هەمان کاتدا پێویستە خۆیان بناسن و شارەزای مێژوو نەتەوەیی خۆی و چۆنیەتی دابەش بونی کوردستان بن، هەر ئەمەش بوو وای لە من کرد زیاتر خولیای هونەر بم، کەسانێك هەن هیچ شارەزاییەکیان دەربارەی کورد و مێژووی هونەری کوردی نییەن بەڵکو بە شێوازێکی دیکە هاتوونەتە نێو بواری هونەرەوە، بەداخەوە ئێستا ئەوان رێژیان لە ئێمە زیاترە.
سەبارەت بە خەونەکانی وەک کچە کوردێک دۆتمیر دەڵێ: بێگومان هەموو کوردێک خەون بە وڵاتێکی سەربەخۆوە دەبینێت، خەونی منیش ئەوە رۆژێك لە رۆژان بە ئازادی بچمە هەموو پارچەکانی کوردستان ئازاد بن و کوردستانی گەورە یەك بگرێتەوە، ئێمەش ببینە خاوەن دەوڵەتی خۆمان و ئەو سنوورە دەستکردانە نەمینن، بۆ من ئەمە لە هەموو شتێك پیرۆزترە و هیوادارم لە زووترین کاتدا بێتەدی.







## دیلانارا یەڵدز:

# باشووری کوردستان قوتابخانەی هونەری کوردییە

وەك كچێك كە حەز و ئارەزووی لە گۆرانیوتن بوو رووی لە شاری ئیستەنبول كرد بۆ ئەوەی لەوێ بە شێوەیەكی ئەكادیمی بێتە نێو بواری گۆرانی و مۆسیقا و لەم بارەوە شارەزاییەكی زۆر پەیدا بكات، ئەمە جگە لەوەی كە هەر لە منداڵییەوە زۆر گوێی لە گۆرانیبێژەكان دەگرت و لاسایی دەكردنەوە، دیلانارا یەڵدز ئەو كچە گۆرانیبێژەی لە باكووری كوردستانەوە بە دەنگەكەی هەوڵ دەدات خزمەت بە هونەری كوردی بكات، لەم دیمانەیەشدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەكانی گوڵان دەداتەوە.



**• چۆن بوو هاتوویتە نێو بواری هونەر، ئایا بە ڕێکەوت بوو، یان حەز و ئارەزوو بوو؟**

- من لە تەمەنێکی زوودا لە حەفتساڵیدا زۆر گوێم لە گۆرانییەکان هونەرمەندە گەورەکان دەگرت و دەمگوتنەوە، هەروەها لە زۆربەی ئاهەنگەکانی قوتابخانەکاندا گۆرانیم دەگوت، لەو کاتەوە هەستم دەکرد من بەبێ گۆرانی و موزیك ناتوانم بژیم، بۆیە هەر لەو کاتەوە بەردەوامم لە گۆرانیوتن تا ئێستا و تا بتوانم بەردەوام دەبم.

**• چ هونەرمەندێك زیاتر کاریگەریی بەسەر تۆوە هەبووە لە سەرەتای گۆرانیوتن؟**

- وەك وتم من هەر لە منداڵییەوە گوێم لە هونەرمەندە گەورەکان دەگرت بەتایبەتی هونەرمەندە کورد و عەرەبەکان لەوانەش کوردەکان عایشەشان، تەحسین تەها، ئەیاز یوسف، شاکیرو، لە هونەرمەندە عەرەبەکانیش گوێم لە فەیروز، ئوم کەلسوم، کازم ساهر، سەمیرە سەعید و چەندانی دیکە دەگرت بێگومان ئەمانە کاریگەرییان بەسەر منەوە هەبووە.

**• هونەری کوردی پێشڤەچوونی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، بە رای تۆ لە کام پارچە زیاتر ئەم پێشکەوتنە دیارە؟**

- هونەری کوردی بەتایبەتی گۆرانی و مۆسیقا هەمیشە بەردەوام بووە، لە هەر پارچەیەکی کوردستانیش تایبەتمەندی و بارودۆخی تایبەتی خۆی هەبووە لەرووی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسییەوە ئەمەش کاریگەری بەسەر هونەرەوە هەبووە، بەڵام من پێموایە مۆسیقای باشووری کوردستان زۆر زۆر دەوڵەمەندە لە زۆر رووەوە.

**• ئێستا هونەری کوردی لە قەیرانێکدایە چۆن لێی رزگار دەبی؟**

- هونەر بەشێوەیەکی گشتی بەردەوامە، بەڵام هەندێك جار لەبەر بارودۆخێکی دیاریکراو هونەرمەند ناتوانێت وەکو پێویست بەردەوام، پێموایە ئەمەش بارودۆخێکی کاتییە و ناتوانین بڵێین هەر بەم شێوەیە دەبێت و دڵنیام هونەری کوردی لەو بارودۆخە قەیراناوییەی ئێستا دەربازی دەبێت و دەگەڕێتەوە سەر ڕێرەوی ئاسایی خۆی.

**• لە باشووری کوردستان دەرفەتێکی باش بۆ هونەرمەندان هەبوو کە بتوانن توانا هونەرییەکانیان پێش بخەن، ئایا هونەرمەندان سوودیان لەم دەرفەتە وەرگرت؟**

- ئەوەی من بینیومە و تێبینیم کردووە ئەوەیە کە هەموو کاتێك هاوکاری هونەرمەندان کراوە، بەڵام ئێستا بە هۆی قەیرانی داراییەوە ئەو هاوکارییە راوەستاوە، دیسان دووبارەی دەکەمە کە ئەم بارودۆخە بەو شێوەیە نامێنێت و دەگەڕێتەوە سەر باری سروشتی خۆی و ئەو کات بە دڵنیاییەوە هاوکاری هونەرمەندان دەکرێت.

**• چ جیاوازییەك هەیە لەنێوان هونەری کوردی لە باشوور و باکوری کوردستان؟**

- لەرووی هونەرەوە دەتوانم بڵێم باشوور وەکو قوتابخانەیەکی هونەری وایە کە هەموو جۆرە هونەر و ستایلێکی تێدا بەدی دەکرێت چ وەك مەقام یان مۆسیقا و زۆر بواری دیکە کە پێوەندییان بە هونەری گۆرانیوتنەوە هەیە و هونەرمەندان دەتوانن بە چەندین ستایلی جیاجیا گۆرانی بڵێن، بۆ نموونە هونەرمەندی نەمر تەحسین تەها تەنیا خۆی قوتابخانەیەکی هونەری بوو، بەڵام لە باکوور ئەمە بە تەواوی بە دی ناکرێت و زۆربەی هونەرمەندان بە یەك رەنگ و یەك ستایل گۆرانی دەڵێن.

**• هونەرمەندان چۆن دەتوانن کەلتووری رەسەنی خۆیان بپارێزن؟**

- ئەو هونەرمەندە مەزنانەی کە لە پێش ئێمە هەبوون توانیویانە بە باشترین شێوە کەلتووری خۆیان بپارێزن و پەرەی پێ بدەن، بەڵام ئێستا ستایلی نوێ پەیدا بووە لە هەمان کاتدا چەندین قوتابخانەی نوێی هونەری هەن و لە نێو کوردیشدا بوونیان هەیە، ئەمانە و چەند هۆکارێکی دیکە بوونەتە ئەگەری ئەوەی کە تا رادەیەك هونەرمەندان کەلتووری خۆیان لە بیر بکەن، بەڵام سەرەڕای ئەمانە ئێستاش بەشێك لە هونەرمەندان بە باشترین شێوە کەلتووری کوردییان پاراستووە.

**• بە چەند زاراوەی کوردی گۆرانی دەڵێی؟**

- من بە سۆرانی،بادینی، زاراوەی ناوچەی سەرحەد گۆرانیم وتووە و بەردەوامم، هەروەها گوتنی گۆرانی بە زمانی بیانی وەك عەرەبی، تورکی، فارسی و تەنانەت ئیتاڵیش بۆ من کارێکی زەحمەت نییە و دەتوانم بیڵێم.

**• کاری نوێت چییە؟**

- من ئێستا سەرقاڵی کلیپێکی نوێم پشت بە خوا بەم نزیکانە لە کەناڵە کوردییەکان بڵاودەکرێتەوە و دوای تەواو بوونی ئەم کلیپە نوێیە ئەگەر بارودۆخەکە لە بار بێت ئەوا بە نیازم بەرهەمێکی نوێ بڵاوبکەمەوە.

- زۆر هونەرنەمەند داوایان کردووە بە دۆیت گۆرانییان لەگەڵ بڵێم، بەلام من لە ئێستا بیرم لەوە نەکردۆتەوە بە دوو قۆلی گۆرانی بڵێم بۆ ئەوەی توانا هونەرییەکانی خۆم بە دەر بخەم و ئەگەر ئەم کارەش هەبوو حەز دەکەم لەگەڵ هونەرمەند کاروان کامل بێت، چونکە ستایلی من و ئەو زۆر لە یەکترییەوە نزیکە و تا ئێستا هاوکارییەکی زۆری منی کردووە لە زۆر رووەوە.

**• لە باشووری کوردستان کێ زیاتر هاوکاریت دەکات بۆ ئەوەی بەردەوام بی لە گۆرانیوتن؟**

- سوپاس بۆ خوا پێوەندی من لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندانی شاری دهۆکی دەلال زۆر باشە هونەرمەند ( عیماد عەلی ) هاوکارییەکی زۆری منی کردووە و ئەوەی لە دەستی هاتبێت کەمتەرخەمی نەکردووە بۆ من، هونەرمەند (کاروان کامل) زۆر هاوکارم بووە و پێوەندی خێزانیشمان هەیە، هەروەها مامۆستایان (ئیدریس بەدەل و کەریم بەدەل) بە تێکست و ئاواز هاوکارییەکی زۆریان کردووم و لێرەوە بە پێویستی دەزانم سوپاسی هەموویان بکەم.

**هەر پارچەیەکی کوردستانیش تایبەتمەندی و بارودۆخی تایبەتی خۆی هەبووە لەرووی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسییەوە ئەمەش کاریگەری بەسەر هونەرەوە هەبووە**